# وانەی ٧٦:  شوانە دڵسۆزەکە

یۆحەنا ١٠

لە وانەی ڕابردووماندا گوێمان لە پەروەردگار عیسا بوو بە قوتابییەکانی فەرمووو کە دەبێت بمرێت لە ئۆرشەلیم و لە مردن هەڵسێتەوە لە ڕۆژی سێیەم.  عیسا دەیزانی لەبەر ئەوە لەدایك بووە و هاتۆتە جیهان تاکو خوێنی خۆیی بڕێژی وەك قوربانی کە گوناه لادەبات. هەروەها جاری ڕابردوو بینیمان پەروەردگار عیسا شکۆمەندی مەزنی خۆی بە دەرخست کاتێ لەسەر چیاکە بوو لەگەڵ سێ لە قوتابییەکانی.  دەم و چاوی عیسا وەك خۆر درەوشایەوە و جلەکانی ڕووناکییەکی سپی سافی لێ هەستایەوە.  بەو شێوەیە شکۆی خودا کە لە عیسادا درەوشایەوە خۆی ئاشکرا کرد.

بۆ ئێستا حەز دەکەین بەردەوام بین لە خوێندنەوەی ئینجیلی پیرۆز و گوێ بگرین بزانین چۆن پەروەردگار عیسا بەراوردی ئەوانەی شوێنی دەکەوتن وەك بەرخی تێر کرد.  پێشتر لە نووسینەکانی پێغەمبەران بینیمان کە خودا بە بەردەوامی بەراوردی نەوەکانی ئادەم وەك بەرخی بزربووی بێ شوان دەکات.  بەڵام خودا نایەوێ نەوەکانی ئادەم لەناو بچن وەك بەرخی بێ شوان.  لەبەر ئەوە شوانێکی بالادەستی ناردە خوارەوە لە ئاسمان تاکو ڕێنمایمان بکات لە ڕێگای ئاشتی و ڕزگارمان بکات لە سامناکترین دوژمنەکانمان: شەیتان و گوناه و مردن و دۆزەخ.  ئەو شوانە باشە دەناسی کەوا خودا ناردی بۆ نەوەکانی ئادەم؟

لە بەشی دەیەمی ئینجیلی یۆحەنا دەخوێنینەوە.  ڕۆژێك عیسا بەو خەڵکەی کۆببوەوە لە دەوری فەرمووو:

(یۆحونا ١٠)  ١ (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، ئەوەی لە دەرگاوە ناچێتە ناو پشتیری مەڕەکان، بەڵکو بە  ێگایەکی دیکەدا بۆی
سەردەکەوێت، ئەوە دز و جەردەیە. ٢ بەڵام ئەوەی لە دەرگاوە بچێتە ژوورەوە، ئەوە شوانی مەڕانە.... ٦ عیسا ئەم نموونەیەی بۆ
گێڕانەوە، بەڵام ئەوان تێنەگەیشتن باسی چییان بۆ دەکات.

٧ بۆیە دیسان عیسا فەرمووی: (ڕاستی ڕاستیتان پێ دەڵێم، منم دەرگای مەڕەکان... ٩ منم دەرگاکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە
ڕزگاری دەبێت، دێتە ژوورەوە و دەچێتە دەرەوە و لەوەڕگا دەدۆزێتەوە. ١٠ دز نایەت بۆ دزین و کوشتن و لەناوبردن نەبێت. بەڵام من
هاتووم تاکو ئەوان ژیانیان هەبێت، ژیانێکی پڕ. ١١ منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی بۆ مەڕەکانی دادەنێت.
١٢ بەکرێگیراویش شوان نییە و مەڕەکان هی ئەو نین. دەبینێت گورگ دێت، مەڕەکان بەجێدەهێڵێت و ڕادەکات، گورگیش مەڕەکان
دەبات و پەرتەوازەیان دەکات. ١٣ چونکە بە کرێ گیراوە و خەمی مەڕەکانی نییە. ١٤ منم شوانە دڵسۆزەکە. هی خۆم دەناسم و هی
خۆشم دەمناسن، ١٥ وەک باوک دەمناسێت، منیش باوک دەناسم. ژیانم بۆ مەڕەکان دادەنێم... ١٧ بۆیە باوک منی خۆشدەوێت، چونکە
ژیانی خۆم دادەنێم تاکو وەری بگرمەوە. ١٨ کەس لە منی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتم هەیە دایبنێم و دەسەڵاتم هەیە
بیبەمەوە. ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە.)

١٩ بەهۆی ئەم قسانە دیسان دووبەرەکی لەنێو جولەکە پەیدابوو. ٢٠ زۆربەیان وتیان: (ڕۆحی پیسی هەیە و وڕێنە دەکات. بۆچی گوێی
لێ دەگرن؟) ٢١ هەندێکی دیکەیان وتیان: (ئەمە قسەی یەکێک نییە ڕۆحیپیسی تێدابێت. ئایا ڕۆحیپیس دەتوانێت چاوی نابینا
بکاتەوە؟)

٢٤ جولەکە لێی کۆبوونەوە و پێیان وت: (تا کەی بە هەڵواسراوی دەمانهێڵیتەوە؟ ئەگەر تۆ مەسیحەکەیت، بە ئاشکرا پێمان بڵێ.)
٢٥ عیسا وەڵامی دانەوە: (پێم وتن بەڵام باوەڕ ناکەن. ئەو کارانەی بە ناوی باوکمەوە دەیکەم، شایەتیم بۆ دەدەن. ٢٦ بەڵام باوەڕ
ناکەن، چونکە لە مەڕەکانم نین. ٢٧ مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن، منیش دەیانناسم و دوامدەکەون، ٢٨ ژیانی تاهەتاییان دەدەمێ و
هەرگیز لەناو ناچن، کەسیش لە دەستم نایانڕفێنێت. ٢٩ باوکم کە بە منی داون لە هەمووان گەورەترە، کەسیش ناتوانێت لە دەستی

باوک بیانڕفێنێت. [٣٠] من و باوک یەکین.) [٣١] دیسان جولەکە بەردیان هەڵگرت تاکو بەردبارانی بکەن. [٣٢] عیسا وەڵامی دانەوە: (زۆر کاری چاکم لەلایەن باوکەکەوە پیشاندان، بەهۆی کامیانەوە بەردبارانم دەکەن؟)

[٣٣] جولەکە وەڵامیان دایەوە: (لەبەر کردارێکی چاک بەردبارانت ناکەین، بەڵکو بەهۆی کفرەوە، چونکە تۆ مرۆڤێکی و خۆت دەکەیت بە خودا.) [٣٤] عیساش وەڵامی دانەوە: (ئایا لە تەوراتەکەتان نەنووسراوە: {من وتم ئێوە خودایەکانن}؟ [٣٥] ئەگەر ئەوانە بە (خودایەکان) بانگ بکات کە وشەی خودا بۆ ئەوان هاتووە - و ناتوانرێت نووسراوەکە بشکێندرێت - [٣٦] چۆن ئەوەی کە باوکەکە پیرۆزی کردووە و بۆ جیهانی ناردووە دەڵێن، (کفر دەکات،) چونکە وتم: (کوڕی خودام)؟ [٣٧] ئەگەر کارەکانی باوکم ناکەم، باوەڕم پێ مەکەن. [٣٨] بەڵام ئەگەر دەیکەم، هەرچەندە باوەڕیشم پێ ناکەن، باوەڕ بەو کارانە بکەن، تاکو بزانن و تێبگەن کە باوک لە من دایە و منیش لە باوکدام.) [٣٩] دیسان ویستیان بیگرن، بەڵام لە دەستیان دەرچوو.

بیرمان دەخەینە سەر دوو لەو ناوانەی عیسا ئاماژەی بۆ خۆی کرد. لەو دوو ناوە دەناسی؟ ناوەکان ئەمانەن: **دەرگای مەڕەکان** و **شوانە دڵسۆزەکە.**

یەکەم جار خوێندمان کە لەپاش ئەوەی عیسا نەوەکانی ئادەمی وەك مەڕ بەراورد کرد، بە خەڵکەکەی فەرموو، (منم دەرگای مەڕەکان... ئەوەی لەمنەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت.) بۆچی عیسا ناوی لە خۆی نا (دەرگای مەڕەکان)؟ لەو ڕۆژگارانەدا، شوانەکان شوێنێکی داخراویان دروست دەکرد کە بە درك و بەرد شورەیان بۆ دەکرد و یەك دەرگای چوونە ژوورەوەی هەبوو کەوا مێگەلەکە لێی دەچووە ژوورەوە. کاتێ شەو دادەهات و مەڕەکان دەچوونە ژوورەوە، شوانەکەش لەناو دەرگاکە دەنووست بۆ ئەوەی پاسەوانی لە مەڕەکانی بکات. بۆیە، پێش ئەوەی هەر دڕندەیەك بچوبوایە ژوورەوە و مەڕێك بخوات، دەبوایە بەو دەرگایە بڕۆیشتایە کە شوانەکە لێی پاڵی داوەتەوە. و ئەو کاتیش شوانەکە ڕاوی دڕندەکەی دەنا پێش ئەوەی مەڕەکانی بخوات. بەم شێوەیە شوانەکە خۆی (دەرگای مەڕەکان) بوو

پەروەردگار عیسا بە خۆی دەڵێ (دەرگای مەڕەکان). ئەمە مانای ئەوەیە کە عیسا ئاگاداری ئەوانەیە کە سەر بەون. هەروەها مانای ئەوەیە کە پێش ئەوەی ببی بە بەشێك لە (مێگەلی) خودا، دەبێت لە ڕێگای عیساوە بێیت. هەرکەسێك بیەوێ ڕزگاری بێت لە داوی شەیتان و لە سزای گوناه و لە هێزی مردن و سزای تاهەتایی ئاگر دەبێت لە ڕێگای عیساوە بپەڕێتە. تەنها ئەو دەرگایە کە دەتوانێ گوناهباران بباتە ناو ژیانی تاهەتایی. لەبەر ئەوە ووشەی خودا دەفەرموێ: بێجگە لەو ڕزگاربوون نییە، چونکە ناوێکی دیکە لە ژێر ئاسماندا نییە لەناو خەڵکدا درابێت، بەوەوە پێویست بکات ڕزگار ببین. (کرداری نێردراوان ٤: ١٢) عیسا تاکە دەرگای ڕزگار بوونە.

لە بیرتانە پێش ماوەیەك چیمان خوێندەوە سەبارەت بە پێغەمبەر نوح و لافاوەکە؟ خودا فەرمانی بە نوح دا چەن دەرگا دروست بکات لە کەشتییەکەی کەوا دەبووە پەناگە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانویست لە دادوەری لافاوەکە قوتاریان بێت؟ تەنها یەك دەرگا بوو. هەر کەسێکی بیویستبوایە لە لافاوەکە قوتاری بێت دەبوایە لەو تاقە دەرگایەی کەشتییەکە بچێتە ژوورەوە. هەر کەسێك لەو دەرگایە بچووبوایە ژوورەوە ڕزگاری بوو. و هەر کەسێك لەو دەرگایە نەچووبوایە ژوورەوە لەناوچوو! بە هەمان شێوە و سەبارەت بە ڕۆژی دادوەری، نووسراوە پیرۆزەکان جێگیری دەکات بۆمان کە خودا تەنها یەك دەرگای ڕزگاربوونی کردۆتەوە بۆ نەوەکانی ئادەم. مەسیح خۆی ئەو دەرگایەیە کە دەتوانێ خەڵك بباتە ناو ژیانی تاهەتایی. لەبەر ئەوە عیسا فەرمووی، (منم دەرگایەکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت!) (یۆحونا ١٠: ٩)

دووەم ناو کە عیسا ئاماژەی بۆ خۆی پێ کرد زۆر بە ناوی یەکەم دەچێ. عیسا نەك تەنها (دەرگای مەڕەکانە) بەڵکو (شوانە دڵسۆزەکە) ـشە. عیسا شوانە دڵسۆزەکەیە، لەبەر ئەوەی ئەو ئەو کەسەیە کە خۆشمانی ویست و ژیانی خۆی بەخت کرد بۆمان. ئای چەن شوانێکی دڵ ڕفێنە! سەبارەت بەو، پێغەمبەر داود لە بەشی بیست و سێیەمین زەبوور نووسیویەتی و دەفەرموێ: [١] پەروەردگار

شوانی منە، پێویستم بە هیچ نابێت. [٢] لە لەوەڕگای سەوزدا دەملەوەڕێنێت و دەمباتە سەر ئاوی هێمن و سازگار، گیانم دەبووژێنێتەوە. [٣] ڕێنمای ڕێگای ڕاستودروستیم دەکات لە پێناوی ناوی خۆی. [٤] ئەگەر تەنانەت بەناو دۆڵی سێبەری مەرگیشدا بڕۆم، لە هیچ خراپەیەک ناترسم، لەبەر ئەوەی تۆ لەگەڵمدای، گۆچان و داردەستەکەت دڵنەوایم دەکەن. [٥] سفرەم بۆ ئامادە دەکەیت لە پێش دوژمنانم، سەرم بە ڕۆن چەور دەکەیت، جامەکەم تا لێو پڕ دەکەیت. [٦] بێگومان چاکە و خۆشەویستی نەگۆڕ لەگەڵمدا دەبێت بە درێژایی ژیانم، لە ماڵی پەروەردگار دەژیم تاهەتایە. !) (زەبوورەکان ٢٣)

ئەوەی پێویستە بیزانین ئەوەیە کە مەسیح خۆی ئەو شوانە چاکەیە کە داود دەربارەی نووسی. لەبەر ئەوە عیسا دەتوانێ بفەرموێ (منم شوانە دڵسۆزەکە!) وە هەروەها (من و باوک یەکین!) (یۆحونا ١٠: ١١ و ٣٠) بەڵام کاتێ عیسا ڕایگەیاند کە ئەو یەکە لەگەڵ خودا، جولەکەکان بە کفر تۆمەتباریان کرد و دەستیان دایە بەرد بۆ ئەوەی بۆی تێیبگرن. نەیاندەتوانی ئەو بیرۆکەیە قەبوڵ بکەن کە عیسا خودایە لە جەستەی مرۆڤێکدا. تا ئەمڕۆمان، زۆربەی نەوەکانی ئادەم لەسەر ئەم ووشانەی عیسا ساتمە دەکەن. هەندێ کەس بەهەڵەوە بیر دەکەنەوە کە گوایە ئەگەر بڵێی عیسا یەکە لەگەڵ خودا مانای ئەوەیە دوو خودا هەیە. بەڵام بەو شێوەیە نیە، لەبەر ئەوەی نووسراوە پیرۆزەکانی پێغەمبەران بەڕوونی یەکتایی خودا ڕادەگەیێنن کاتێ دەفەرموێ: (پەروەردگار خودامان یەک پەروەردگارە!) (وتەکان ٦: ٤) بەڵام ئەو ڕاستییەی کە (خودا یەکە) ڕێگا لە خودا ناگرێت خۆی وەك مرۆڤێك لەسەر زەوی بەدەر بخات.

ڕەنگە نموونەیەك بێنینەوە یارمەتی دەرە. بیر بکەوە لە خۆر کەوا بەسەر زەوی دا هەڵدێت و ڕووناکی و گەرمیمان پێ دەبەخشێ. چەن خۆری وامان هەیە؟ تەنها یەك. ئەو خۆرە لە کوێیە؟ لە بۆشایی دووری ئاسمانە، لەگەڵ ئەوەشدا لێرەیە لەسەر زەوی و ژیانمان دەبڕێت بە تیشکی ژیان بەخشی. ئەو خۆرە ئاگرگرتووە و خۆرهەڵاتنە گەرمەکەی یەکن. بە هەمان شێوە، خودا و عیسا یەکن. عیسا فەرمووی، (من و باوک یەکین!) پەروەردگار عیسا هاتە ناو جیهانمان بۆ ئەوەی لەگەڵ تیشکی ڕووناکی خۆشەویستی خودا و ڕزگاربوونمان ببەسێتیەوە. گوێ بگرە نووسراوە پیرۆزەکان چی ڕادەگەیێنێ دەربارەی خودا و عیسا: خودامان ئاگرێکی سووتێنەرە... هەرگیز کەس خودای نەبینیوە، بەڵام تاقانەی خودا **(عیسای مەسیح)**، ئەوەی لە باوەشی باوکەکە دایە، ئەو دەریخست. ... ئەو تیشکی شکۆی خودایە و بە تەواوی وێنەی کرۆکیەتی، هەڵگری هەموو شتێکە بە وشەی هێزی خۆی، دوای ئەوەی پاکسازی بۆ گوناە کرد لە دەستەڕاستی گەورەیی دانیشت لە بەرزاییدا!...**(لە عیسای مەسیح)** خودا خۆشحاڵ بوو بە هەموو پڕی خۆی لەودا نیشتەجێ بێت... چونکە تەواوی خودایەتی لە مەسیحدا نیشتەجێیە، بە لەشی خۆی!

(عیبرانیەکان ١٢: ٢٩، یۆحونا ١: ١٨، عیبرانیەکان ١: ٣، کۆلۆسی ١: ١٩ و ٢: ٩)

بەڵێ، ئەمە ئەوەیە کە ووشەی خودا ڕایدەگەیێنێ: (تەواوی خودایەتی لە مەسیحدا نیشتەجێیە، بە لەشی خۆی!) (کۆلۆسی ٢: ٩) بۆیە، پەروەردگار عیسا دەتوانێ بفەرموێ، (من و باوک یەکین!) عیسای مەسیح شوانە دڵسۆزەکەیە کەوا لە ئاسمانەوە هات و بوو بە پیاوێك و لەسەر زەوی ژیا و ژیانی پیرۆزی خۆی دانا تاکو ڕزگارمان بکات لەو لەعنەتەی گوناهەکانمان هێنای. هەروەها ئەو کەسەیە کە لە مردنەوە هەستایەوە و ژیانی تاهەتایی دەبەخشێ بە هەموو ئەوانەی باوەڕی پێ دێنن. لەبەر ئەوە عیسا دەتوانێ بفەرموێ: (منم شوانە دڵسۆزەکە... ژیانم بۆ مەڕەکان دادەنێم... تاکو وەری بگرمەوە. کەس لە منی ناستێنێت، بەڵکو خۆم دایدەنێم. دەسەڵاتم هەیە داینێم و دەسەڵاتم هەیە بیبەمەوە. ئەم ڕاسپاردەیەم لە باوکمەوە وەرگرتووە.) (یۆحونا ١٠: ١٤-١٨)

بێ گومان، عیسا (شوانە دڵسۆزەکە) یە، لەبەر ئەوەی ئەو کەسەیە کە ئەوەندە خۆشمانی ویست تاکو ژیانی خۆی ببەخشێ لە پێناومان!


پێش ئەوەی ماڵ ئاوایتان لێ بکەین ئەمڕۆ، با دووبارە بخوێنین لە ووشە دڵ ڕفێنەکانی پەروەردگار عیسا کە فەرمووی: (یۆحونا ١٠) [٩] منم دەرگاکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت... [١٠] دز نایەت بۆ دزین و کوشتن و لەناوبردن نەبێت. بەڵام من

**هاتووم تاکو ئەوان ژیانیان هەبێت، ژیانێکی پڕ. [١١] منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی بۆ مەڕەکانی دادەنێت. [١٢] بەکرێگیراویش شوان نییە و مەڕەکان هی ئەو نین. دەبینێت گورگ دێت، مەڕەکان بەجێدەهێڵێت و ڕادەکات... [١٤] منم شوانە دڵسۆزەکە... [٢٧] مەڕەکانم گوێ لە دەنگم دەگرن، منیش دەیانناسم و دوامدەکەون، [٢٨] ژیانی تاهەتاییان دەدەمێ و هەرگیز لەناو ناچن، کەسیش لە دەستم نایانڕفێنێت.!**

تۆ شوێنی کێ کەوتویت؟ ئایا تۆ شوێنی شوانە دڵسۆزەکە کەوتووی؟ یاخود شوێنی یەکێکی تر کەوتووی؟

**خودا بەرەکەتدارتان بکات کە ئەوەتان بە بیر دێتەوە کە عیسای مەسیح فەرمووی دەربارەی خۆی:**

**(منم دەرگاکە. ئەوەی لە منەوە بچێتە ژوورەوە ڕزگاری دەبێت... منم شوانە دڵسۆزەکە. شوانی دڵسۆزیش ژیانی خۆی بۆ مەڕەکانی دادەنێت.) (یۆحونا ١٠: ٩ و ١١)**



## گرنگترینی پرسیارەکانی ئەم وانەیە؟

١. ئەو شوانە باشە دەناسی کەوا خودا ناردی بۆ نەوەکانی ئادەم؟

٢. لەو دوو ناوە دەناسی کە عیسا ئاماژەی بۆ خۆی کرد

٣. بۆچی عیسا ناوی لە خۆی نا (دەرگای مەڕەکان)؟

٤. لە بیرتانە پێغەمبەر نوح و لافاوەکە؟ خودا فەرمانی بە نوح دا چەن دەرگا درووست بکات لە کەشتییەکەی کەوا دەبووە پەناگە بۆ هەموو ئەوانەی دەیانویست لە دادوەری لافاوەکە قوتاریان بێت؟

٥. چەن خۆری وامان هەیە؟ ئەو خۆرە لە کوێیە؟

٦. تۆ شوێنی کێ کەوتویت؟ ئایا تۆ شوێنی شوانە دڵسۆزەکە کەوتووی؟ یاخود شوێنی یەکێکی تر کەوتووی؟

**ڕێگای ڕاست و دروستی:**

**وەرزی خوێندنەوەی کتێبی پیرۆز**

(٢٠١٦)

Old Testament, Sorani (Draft), International Bible Society, 2005, 2009, 2011; Psalms, Biblica, 2013

Kurdish New Testament, International Bible Society, 1998; Biblica, 2011

ئەم خوێندنەوە لە {***The Way of Righteousness*** by Paul Bramson, 1998} بەخەش کراوەتە.

**بەرهەم هێنەر: کۆمەڵەی ڕێگای ڕاستودروستی**

rrd2011@yahoo.com www.rrdk.org